American University of Iraq, Sulaimani
IRIS Institute of Regional & International Studies



# کۆتایی هێنان بە بنبەست: ناکۆکی نێوان هەولێر و بەغدا لەسەر بودجە

ئەحمەد تەبەقچەلیی
حەمزە ئەلشەدیدیی
سەروەر عەبدوڵا

هەڵسەنگاندنی ئابوریی عێراق
ئایار ٢٠٢١

## دەربارەی پەیمانگای لێکۆڵینەوە هەرێمیی ونێودەوڵەتییەکان

پەیمانگای لێکۆڵینەوە هەرێمیی ونێودەوڵەتییەکان (ئایرس - IRIS) سەنتەرێکی توێژینەوەیە لە عێراق و پابەندە بە شیکاری سیاسیی سەربەخۆ وپشت بەستوو بە ئەزموون دەربارەی عێراق و هەرێمی کوردستان وناوچەی بەرفراوانتری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. ئۆفیسی سەرەکیی ئەم پەیمانگایە لە زانکۆی ئەمریکییە لە عێراق، سلێمانی وئەم ناوەندە هاوبەشی دامەزراوە ئەکادیمییەکان وئاژانسەکانی هاریکارییە لە سەرتاسەری جیهاندا کە هاوبۆچوونی دیدگای ئەم ناوەندەن بۆ دامەزراندنی زەمینەیەکی پتەو بۆ تاوتوێکردنی دانانی سیاسەت لەمەڕ عێراق بە توێژینەوەی کاریگەر وشارەزایی خۆجێیی، لەوانەش دیداری ساڵانەی سلێمانی بۆ بەشداریکردن وبڵاوکردنەوەی توێژینەوەکان وهاندانی دیالۆگ لەگەڵ چەندین لایەنی پەیوەندییدار دەربارەی هەرە ئاڵۆزترین ئەو ئاڵنگارییانەی لە دانانی سیاسەتەکاندا ڕووبەڕووی عێراق وهەرێمەکە دەبنەوە. لە کۆتاییدا، ئەم ناوەندی توێژینەوەیە هانی بونیادنانی کارامەیی وتواناکانی توێژەرە گەنجەکان وبڕیاردەرە سیاسییەکان وسەرکردەکانی عێراق دەدات بۆ مەبەستی سوود وەرگرتن لە توێژینەوەی سیاسیی لە پێناو گۆڕانکاریی سیاسیی و کۆمەڵایەتیی.

## دەربارەی هەڵسەنگاندنی ئابوریی عێراق

گوتاری سیاسیی دەربارەی گەشەپێدانی ئابوریی عێراق زۆرجار لەو بۆچوونەوە سەرچاوی گرتووە کە پێویستە کەرتی تایبەتی نا-نەوتیی عێراق فراوانتر بکرێت، لەم ڕێیەشەوە سەرۆکاریی وسەربەخۆیی ئابوریی بۆ تاکەکانی دانیشتوان بەگشتیی فەراهەم دەکرێت. بەڵام ئەوەی ئەم فراوانکردنە بۆ عێراقی دەهێنێت، وڵاتێك کە لەبەر باهۆزگەلی ململانێ وناسەقامگیریی چەند بارەبووەوەدایە، وەختە بڵێین بە تەواوەتیی بە نادیاریی دەمێنێتەوە. لە ئێستادا کە عێراق وکۆی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەگشتیی لەبەردەم ئەگەری کەمبوونەوەیەکی درێژخایەنی خواستدان لەسەر نەوت، پێویستیی تێگەیشتن لە داینامیکی ئابوریی عێراق وئاڵنگارییەکانی هیچ کاتێك لە ئێستا زیاتر نەبووە. لەمەوە، هەڵسەنگاندنی ئابوریی عیراق (ئای ئی ئاڕ) کە لەلایەن سندوقی نیشتمانیی بۆ دیموکراسیی (نێد) پشتگیریی کراوە، ئامانجیەتی کە ئاڕاستەی گفتوگۆی سیاسەتی نیشتمانیی بەرەو دیدگایەکی ئابوریی تۆکمە وخۆڕاگر بەرێت وبکەرانی کۆمەڵی مەدەنیی تەییار بکات بە زانین وکەرەستەی پێویست بۆ فشارکردن لە پێناو گۆڕانکاریی لە ڕێبازی کاری حکومەتدا لەسەر ئابوریی. هەڵسەنگاندنی ئابوریی عیراق کە لەلایەن پەیمانگای لێکۆڵینەوە هەرێمیی ونێودەوڵەتییەکان (ئایرس) ەوە لە زانکۆی ئەمریکیی عێراق- سلێمانی بڵاوکراوەتەوە، کورتە ڕێگایەکە بۆ تێگەیشتن لە ئاراستە ئابورییە سەرەکییەکان. ئەم هەڵسەنگاندنە شیکاریی ئەو بوارە سەرەکییانەی ئەگەری گەشەی ئابووریيان لێدەکرێت دەبەستێتەوە بە شیکردنەوەیەکی وردی چوارچێوە یاساییەکان وژێرخانی گشتیی وسیستمی داراییەوە کە پێویستن بۆ دڵنیابوونەوە لەوەی کە گەشەی ئابوریی بە شێوازێکی گشتگییر ڕێدەکات.

**Institute of Regional and International Studies (IRIS)**
American University of Iraq, Sulaimani
Kirkuk Main Road, Raparin Sulaimani, Iraq

*www.auis.edu.krd/iris*
*iris@auis.edu.krd*
*@IRISmideast*
*/IRISmideast*

هەڵسەنگاندنی ئابوریی عێراق

ئایار/ مایو 2021

نووسەران و بەشداران

## ئەحمەد تەبەقچەلیی ، توێژەری پێشەنگ



ئەحمەد تەبەقچەلیی، کە کەسایەتییەکی پیشەیی شارەزایە لە بازاڕەکانی سەرمایە بە ئەزموونی زیاتر لە 25 ساڵەوە لە بازاڕەکانی ئەمەریکا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکوری ئەفریقا (مینا -MENA ) دا، گەورە بەرپرسی وەبەرهێنان (CIO) ی سندوقی عێراقی AFC یە. هەروەها پرۆفیسۆری یاریدەدەری تەواوکارە لە زانکۆی ئەمریکیی عێراق - سلێمانی (AUIS) و هاوەڵی پایەبەرزە لە پەیمانگای لێکۆڵینەوە هەرێمیی ونێودەوڵەتییەکان (ئایرس) لە AUIS. ئەو هاوەڵی پایەبەرزی نانیشتەجێیە لە ئەنجومەنی ئەتڵەسیی - دەستپێشخەری عێراق لە بەرنامەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی سەنتەری ڕەفیق حەریریی. تەبەقچەلیی ئەندامی بۆردی کرێدیت بانکی عێراقیشە بۆ وەبەرهێنانی سەرمایە، کە باڵی بانککاریی وەبەرهێنانی بانکی کاپیتاڵ جۆردەنە. بەڕێوەبەری گشتیی پێشووی ئێن بی کەی کاپیتاڵ بووە، کە باڵی بانککاریی بانکی وەبەرهێنانی نیشتمانیی کویتە، بەڕێوەبەری جێبەجێکار وسەرۆکی فرۆشتنە دامەزراوەییە نێودەوڵەتییەکان بووە لە دەبلیو ئاڕ هامبرێخت +کۆ ، بەڕێوەبەری جێبەجێکار بووە لە کیبانك لە لەندەن و بەڕێوەبەر وسەرۆکی بازاڕەکانی سەرمایە و فرۆشتنە دامەزراوەییەکان بووە لە جێفەریس ئینتەرناشناڵ لە لەندەن.

تەبەقچەلیی کاروانی پیشەیی خۆی لە دی ویتە ئینتەرناشناڵ لە لەندەن دەستپێکرد. ئەحمەد وەبەرهێنانی بڕوانامەی ماستەری هەیە لە بیرکاریی لە زانکۆی ئۆکسفۆرد لە شانشینی یەکگرتوو و بڕوانامەی بەکالۆریۆسی (بە پلەی باڵا) لە بیرکارییدا لە زانکۆی ڤیکتۆریا لە وڵینتۆن لە نیوزلەندا بەدەست هێناوە و بەکالۆریۆسێکی دیکەی لە بیرکاریی هەیە لە زانکۆی کانتەربێری لە نیوزلەندا .

## حمزە ئەلشەدیدیی، توێژەر



حەمزە ئەلشەدیدیی توێژەری سیاسەتە لە پەیمانگای لێکۆڵینەوە هەرێمیی و نێودەوڵەتییەکان (ئایرس). لەم بوارەدا، ئەو بایەخی چڕکردۆتەوە لەسەر کێشە ئابوریی و ئەمنییەکان و سەروەریی یاسا لە عێراقدا. پێش ئەوەی پەیوەندیی بکات بە ئایرسەوە، حەمزە بۆ یەکەی توێژینەوەی ململانێی پەیمانگای کلینگێندەیل کاری کردووە کە لەوێ توێژینەوەی لەسەر کێشەکانی حوکمڕانیی وچاکسازیی کەرتی ئاسایش لە لیبیا کردووە. حەمزە خاوەن بڕوانامەی بەکالۆریۆسە لەکارگێریی کاردا لەزانکۆی ئەمریکیی لەعیراق، سلێمانی و ماستەری هەیە لە دیراساتی ڕۆژهەڵاتی ناوینی هاوچەرخ لەزانکۆی لەیدن، لە هۆڵەندا.

## سەروەر عەبدوڵا، بەشداری میوان



د.سەروەر عەبدوڵا لە کۆلێژی زانستە سیاسییەکان لە زانکۆی سلێمانی وانە دەڵێتەوە. خاوەنی بڕوانامەی دکتۆرایە لە سیاسەت و دیراساتی نێودەوڵەتییدا لە زانکۆی نیوکاسڵ لە بەریتانیا. توێژینەوەی دکتۆراکەی کە بە ناونیشانی "کرپارایەتیی، مولکانە ویستیی و پاراستن : لێکۆڵینەوەیەك لە گەندەڵیی لە عێراق لە دوای 2003" وەیە، لێکۆڵینەوەی کردبوو لە گەندەڵیی لە دەوڵەتی مولکانەیی عێراقدا لە دوای ساڵی 2003 وە. د.سەروەر چەندین بڵاوکراوەی ئەکادیمیی لەسەر گەندەڵیی لە عێراقدا هەیە، هەروەها چەندین وتاری لەسەر دانانی سیاسەت بڵاوکردووەتەوە لە کۆربەندی فیکرە بۆ ڕۆژهەڵاتی نزیکی پەیمانگای واشنتۆن، کە تێیدا سەرنجی خستوتە سەر پرسی تایفەگەریی و گەندەڵیی لە عێراقدا.

## ئاگادارکرن لە بەرپرسیارێتیی

سەرنجێکی پێویست: ناوەڕۆکی ئەم بڵاوکراوەیە مەرج نییە ڕەنگدانەوەی بۆچوونی فەرمیی ئایرس یان سندوقی نیشتمانیی بۆ دیموکراسیی بێت. بەرپرسیارێتیی لەو زانیاریی و بۆچوونانەی لەم بڵاوکراوەیەدا خراونەتەڕوو بەتەواوی دەکەوێتە ئەستۆی نووسەران.

## پێشەکیی

گەنگەشەی ساڵانە لەمەڕ بڕەبەشی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بودجەی فیدراڵیی لە بەرانبەر بەشداریکردنی لە هەناردەکردنی نەوتدا، سەرچاوەیەکی ململانێ وناکۆکیی بەردەوامی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان وحکومەتی عێراق بووە، بەجۆرێك پەیوەندیی نێوان هەردوولای تاڵ کردووە کە مایەی زیان بووە بۆ هەردووکیان.

بودجەی فیدراڵیی 2021ی عێراق کە لەلایەن حکومەتەکەی مستەفا کازمیی سەرۆك وەزیرانەوە پشتگیریی لێکراوە، لە کۆتاییەکانی ساڵی 2020 دا بۆ پێداچوونەوەی پەرلەمانیی ڕەوانەکرا. ئەو بودجە پێشنیازکراوە ڕێککەوتنێکی لەخۆگرتبوو – کە پێشتر بەدیهاتبوو لە نێوان ئیدارەکەی کازمیی وهاوتاکەی لە حکومەتی هەرێمی کوردستاندا- لەسەر بڕەبەشی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بودجەی فیدراڵیی وبەشدارییە پێشبینییکراوەکان لە هەناردەکانی نەوتدا. لە دەقی ڕێککەوتنەدا هاتبوو کە حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕەبەشی خۆی لە بودجەی فیدراڵیی وەردەگرێت لە بەرانبەر بەشداریکردنی بە بڕی 250 هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا لە هەناردەی نەوتدا، بە شایستەیەکیشەوە بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ وەرگرتنی بەشی مووچە و خانەنشینیی لە بڕەبەشی خۆی لە بودجە تەنانەت لە کاتی شکستهێنانیشیدا بۆ دابینکردنی ئەو بەشدارییەی داواکراوە لە هەناردەکردنی نەوتدا، و بەگرنگیشەوە ڕێککەوتنەکە ئامانجی ئەوەبوو پرسی بەردەوامی شایستە داراییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ تێچوونەکانی بەرهەمهێنانی نەوت وهەناردەکردنی چارەسەر بکات. ڕێککەوتنەکە ئەو مەبەستەشی هەبوو کە پەیوەندیی نێوان هەردوولا ڕێکبخاتەوە وناکۆکییەکانی ڕابردوو چارەسەر بکات.

لەگەڵ ئەوەدا، پڕۆژەی بودجە پێشنیازکراوەکەی سەرۆك وەزیران بە ڕەتکردنەوەیەکی توند وەڵام درایەوە لە زۆرینەیەکەوە لە پەرلەماندا، بە تایبەت لە پەرلەمانتارانی ئەو فراکسیۆنانەوە کە کورد نیین. ئەوان ئاماژەیان بە شکستەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان کرد لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا لە بەجێهێنانی پابەندبوونەکانییدا بەو شێوەیەی کە داواکرابوون بە یاساکانی پێشووی بودجە لە کاتێکدا بەردەوام بووە لەسەر وەرگرتنی مووچە وخانەنشینیی لە بودجەی فیدراڵیی. هەڵوێستی بێ سازشکردنی پەرلەمانتاران بە کردارەکیی ڕێك پێچەوانەی هەڵوێستی سەرۆك وەزیران بوو، ویەکەم جار لە یاساکەی تشرینی دووەم/نۆڤەمبەری 2020 دا تایبەت بە داراییدانی کورتهێنان بەرجەستەکرا کە بە زۆرینەی دەنگ لە پەرلەماندا تێپەڕێندرا بە ڕەتکردنەوە لەلایەن مستەفا کازمیی سەرۆك وەزیران وسەرکردەکانی لایەنە کوردییەکانەوە[1،2،3]. لە دەقی یاسای داراییدانی کورتهێناندا نووسراوە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان تەنها دوای ئەنجامدانی بەشدارییەکانی لە هەناردەکردنی نەوتدا، بڕەبەشی خۆی لە بودجەی فیدراڵیی وەردەگرێت- ئەمەش پارەپێدانێکی مەرجدارە کە بە شێوەیەکی بەرچاو دوورکەوتۆتەوە لە خشتەی نەرمی جێبەجێکردن کە لە ڕێککەوتنە بنەڕەتییەکەی نێوان حکومەتەکەی کازمیی وحکومەتی هەرێمی کوردستاندا بڕیاری لەسەر درابوو.

سەرەنجام، پاش سێ مانگ لە دانوستان[4]، سازانێك بەدییهات کە داواکارییەکانی پەرلەمانتارانی ناڕازیی ڕەچاوکردبوو لەگەڵ پاراستنی ناوەڕۆکی ڕێککەوتنە بنچینەییەکەدا. سازانەکە خرایە ناو بودجەکەی 2021 ەوە کە پەرلەمان لە کۆتایی ئادار/ مارسی 2021 دا کردی بە یاسا. دەکرێت ئەگەری ئومێدبەخشی ئەم سازانە - بە پشت بەستن بە ئاستی نیازپاکیی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان وحکومەتی عێراق - بابەتگەلی کێشەئامێزی لە مێژینەی نێوان هەردوولا لەسەر پەرەپێدانی کەرتی نەوت وگازی وڵات یەکلایی بکاتەوە کە ڕەگوڕیشەیان دەچێتەوە سەر ڕوانینە جیاوازەکان لەمەڕ سروشتی عێراقی فیدراڵیی. لەگەڵ ئەوەدا، ئەم ڕێککەوتنە بەرئەنجامە، سەرباری ڕەهەندە ئومێدبەخشەکانی، لەپێناو بەرژەوەندخوازیی سیاسییدا هینرایەبوون و لە بەر ئەوە ڕوونیی وئاشکرایی کرد بە قوربانی سازان. سازانەکە ئەرکی چارەنووسسازی لەبەرچاوگرتنی بنەما سەرەکییە دەستورییەکانی خستە لاوە و بەم شێوەیە، سەرەنجام کەوتۆتەوە بەر مەترسیی دووبارەبوونەوەی شکستەکانی ڕابردوو.

لەم سۆنگەیەوە، بەشی I ئەو پرسگەلە سەرەکییانە دەخاتەڕوو کە هۆکاری ناکۆکیی دووبارە بووەوەی نێوان حکومەتی عێراق وحکومەتی هەرێمی کوردستانن لەسەر بودجە وسەرچاوە سروشتییەکان. ئەم بەشە لە زمانی دەستووریی عێراق دەکۆڵێتەوە کە پەیوەستە بە نەوت وگازەوە، وهۆکارێك بووە بۆ ئەو ڕێڕەوە جیاوازانەی گیراونەتە بەر بۆ پەرەپێدانی سەرچاوە سروشتییەکان لەسەر بنەمای بۆچوونی جیاواز دەربارەی فیدراڵییزم؛ پەرەسەندنی بەرهەمهێنان وهەناردەکردنی نەوتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2003ەوە؛ وبودجەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان. ئەم بڕگانە پاشخانی گفتوگۆیەك پێکدەهێنن لەسەر ڕێککەوتنی هەنووکەی بودجەی 2021 ی نێوان حکومەتی عێراق وحکومەتی هەرێمی کوردستان. بەشی I بە لێکەوتەکانی

---

1 بەراء ئەلشمەریی "عێراق: تێپەڕاندنی یاسای داراییدانی کورتهێنان دەبێتە هۆی قەیرانێکی نوێ لەنێوان بەغداد و هەولێر" [عەرەبی] . العربي الجديد. 12ی تشرینی دووەم / نۆڤەمبەری 2020 . بەردەستە لە/https://www.alaraby.co.uk/politics العراق-تشريع-قانون-يتسبب-بأزمة-جديدة-بين-بغداد-وأربيل.

2 "کازمیی بەڵێن دەدات لە ماوەی دوو هەفتەدا موچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان بنێرێت و یەکێتیش شاندی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە بەرپرسیار دادەنێت (لە شکستهێنان لە دانانی موچەی فەرمانبەرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە یاسای داراییدانی کورتهێناندا)"[عەرەبی]. مەوازین نیوز. 17ی تشرینی دووەم/ نۆڤەمبەری 2020. بەردەستە لە https://www.mawazin.net/Details.aspx?jimare=130825

3"حکومەتەکەی کازمیی تۆمەتبارکراوە بە پێشێلکردنی یاسای داراییدانی کورتهێنان و خەرجکردنی پارەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان: پەرلەمانتاران هەڕەشەی بلۆککردنی هەر ڕێککەوتنێك دەکەن کە سەرەتا ڕادەستکردنی داهاتی نەوت لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە لەخۆنەگرێت" (عەرەبی) (الشرق الأوسط). 14ی کانونی یەکەم /دیسەمبەری 2020 . بەردەستە لە /https://aawsat.com/home/article/2681451اتهامات-لحكومة-الكاظمي-بخرق-«الاقتراض»-لتسديد-رواتب-كردستان

4 موئەبیەد ئەلتەرەفی "ناکۆکیی لایەنە سیاسییەکانی عێراق هەڕەشە لە پەسەندکردنی بودجەی فیدراڵیی دەکات دوای سێ مانگ لە دانوستان: بۆچوونەکان جیاوازییان هەیە لەسەر بڕەبەشی هەرێمی کوردستان و هەروەها دابەشکردنی داهات لە هەناردەی نەوت و دەروازە سنوورییەکان" [عەرەبی] العربية المستقلة. 11 ی ئادار/ مارس 2021 . بەردەستە لە /https://www.independentarabia.com/node/201181الأخبار/العالم-العربي/خلافات-الكتل-العراقية-تهدد-إقرار-الموازنة-بعد-3-أشهر-من-المناقشة

ئەگەرەکانی سەرکەوتن وکاریگەریەکانی لەسەر سەقامگیریی لە ناوخۆی هەرێمی کوردستان کۆتایی دێت. بەشی II لە توێژینەوەکە دیدێکی قووڵتر فەراهەم دەکات بۆ ئەو ڕێڕەوانەی ئەگەری ئەوەیان لێدەکرێت بۆ هەمەچەشنکردنی ئابورییانە لە هەرێمی کوردستان دەستبدەن.

## بەشی I: تێگەیشتن لە ناکۆکیی ئابوریی بەغداد - هەولێر

### 1. دەستور و پەرەپێدانی سەرچاوەکانی نەوت وگاز

هەر یەك لە حکومەتی عێراق وحکومەتی هەرێمی کوردستان ئەوە دەڵێنەوە کە هەردووکیان لە هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکیی لەسەر بڕەبەشی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بودجەی فیدراڵیی وبەشداریکردنی لە هەناردەکردنی نەوتدا بەپێی دەستووری ساڵی 2005 ی وڵات [5]. کەچی ئەو دوو لایەنە بەشێوەیەکی بنەڕەتیی ناکۆکن لەسەر سروشتی پێکهاتەی فیدراڵیی دەوڵەت هەر وەك لە دەستووردا چەسپێنراوە [6]- ناکۆکییەك کە هێنراوەتەوە بەر چرکردنەوەی سەرنج لەسەری لە ڕاڤەکردنە جیاوازەکانیاندا بۆ هەر دوو ماددەی دەستووریی 111 و112 کە مامەڵە دەکەن لەگەڵ پەرەپێدانی سەرچاوەکانی نەوت وگاز (هایدرۆکاربۆن). ماکی ناکۆکییە بنەڕەتییەکە لەسەر هاوسەنگیی هێزە لەنێوان ناوەند وقەوارە بەشەکییە نیشتمانییەکان - subnational (بۆ نموونە پارێزگاکان، هەرێمەکان).

ئەم تێگەیشتنە دژبەیەکانە بۆ بونیادی دەوڵەتەکە خۆیان نواندووە لە لێکدانەوە وجێبەجێکردنی ئەو دوو ماددەیەدا کە ناویان برا[7] بەتایبەتیی ماددەی 112. بابەتی جێی ناکۆکیی بریتییە لە ناڕوونیی وشەی "*لەگەڵ*" کە لە ماددەکانی 112 - 1 و 112 – 2 هاتووە. ماددەکە دەڵێت: "حکومەتی فیدراڵیی لەگەڵ حکومەتی پارێزگا وهەرێمە بەرهەمهێنەرەکان، نەوت وگازی دەرهێنراوی کێڵگەکانی ئێستا بەڕێوەدەبات..." و "حکومەتی فیدراڵیی لەگەڵ حکومەتی هەرێمەکان وپارێزگا بەرهەمهێنەرەکان بەیەکەوە هەڵدەستن بە ڕەنگرێژکردنی سیاسەتە ستراتیژییە پێویستەکان بۆ پەرەپێدانی سامانی نەوت و گاز..."

ئایا ڕۆڵەکانی هەر لایەنێك چین کە ئاماژەیان بۆ کراوە لە ڕێی بەکارهێنانی وشەی "*لەگەڵ*" ەوە؟

حکومەتی فیدراڵیی لەگەڵەکە وا لێکدەداتەوە کە ڕۆڵی قەوارە بەشەکییە نیشتمانییەکان دەناسێنێت - بەڵام ڕۆڵی قەوارەیەکی وابەستە؛ لەکاتێکدا ڕاڤەکردنەکەی حکومەتی هەرێمی کوردستان پێچەوانەکەیەتی، لەوەدا کە لەگەڵەکە داندەنێت بە ڕۆڵێك بۆ حکومەتی فیدراڵیی - بەڵام ڕۆڵێك کە پاڵپشتە بۆ (لەبری ئەوەی باڵادەست بێت بەسەر) پەرەپێدانی هایدرۆکاربۆن کە بە دەسەڵاتە بەشەکییە نیشتمانییەکان ئاراستەدەکرێت. بەم شێوەیە لێکدانەوەی ماددەی 112 بووەتە خاڵێکی سەرەکیی ناکۆکیی.

زێدەباری ئەوەش، داواکاریی ماددەی 112 - 2 بۆ " پەرەپێدانی سامانەکانی نەوت وگاز بە جۆرێك کە ببێتە مایەی دەستخستنی زۆرترین سوود و کەڵك بۆ گەلی عێراق ئەویش بە پشتبەستن بە نوێترین تەکنیکەکانی بنەماکانی بازاڕ و هاندانی وەبەرهێنان"، دەکەوێتە بەر لێکدانەوەی جۆراوجۆر. هەر لایەکیان ئەم بڕگەیەی لێکداوەتەوە بۆ پاساوهێنانەوە بۆ پەیڕەوکردنی ستراتیژەکانی پەرەپێدانی نەوت لەگەڵ کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکانی نەوت (IOCs) کە بە باشترین شێوە گونجاون بۆ تایبەتمەندییە جیۆلۆجییەکان و ئاڵنگارییەکانی هەناردەکردنی کێڵگە نەوتییەکانی هەر لایەکیان.

هەرچی پرسی مافی هەناردەکردنی نەوتی بەرهەمهێنراویشە لەلایەن ئەم کۆمپانیا نێودەوڵەتییانەی نەوتەوە، هیچ ماددەگەلێکی دەستووری نیین کە مامەڵەبکەن لەگەڵ هەناردەی نەوت وگاز وداخۆ دەکەوێتە ژێر دەسەڵاتی پارێزگا/هەرێمە بەرهەمهێنەرەکانی نەوتەوە یان ناوەندەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، هەندێك ئەوەیان وتووە کە ماددەی 110 ئاماژەی داوە بەم پرسە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لە باسکردنی ئەو دەسەڵاتانەدا کە تایبەتن بە حکومەتی فیدراڵییەوە، لەوانە: "ڕەنگرێژکردنی سیاسەتی دەرەوە ونوێنەرایەتیی دیپلۆماتیی وئەنجامدانی دانوستان لەسەر پەیماننامە و ڕێککەوتنە نێودەوڵەتییەکان وسیاسەتی قەرزکردن و واژۆکردن لەسەریان ویەکلاکردنەوە وڕەنگرێژکردنی سیاسەتە ئابوریی و بازرگانییە دەرەکییە سەرووەرییەکان"[8].

بەهۆی ئەو ناڕوونییانەی سەرەوە لەماددە دەستوورییەکاندا، ئەو دەمەی کاتی ئەوە هات یاسادانەران بیانگۆڕنە سەر یاسایەکی فیدراڵیی نەوت وگاز، ناکۆکیی وڕێکنەکەوتنی زیاتر سەریانهەڵدا. دوای نزیکەی دوو ساڵ لە دانوستانی پڕ لە دڵەراوکێ بە

---

5 ناکۆکیی نێوان حکومەتی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان زۆر فراوانترە لە ململانێی نێوان دوو قەوارەی فەرمیی . ناکۆکییەکە لە نێوان سیاسەتمەدارانی کورد ( بەرپرسانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان، ئەندامانی کوردی پەرلەمانی فیدراڵ، بەرپرسانی کوردی حکومەتی فیدراڵیی) و هاوتاکانیان لە حکومەتی عێراق و پەرلەمانی فیدراڵییدایە. بۆ ئاسانکاریی، زاراوەی " لایەنە کوردییەکان " و " لایەنە ناکوردییەکان " بۆ وەسفکردنی ئەم قەوارە سیاسییانە لەم هەڵسەنگاندنەدا بەکاردەهێنرێت.

6 بۆ ووردەکاریی لەسەر ناڕوونیی دەستوریی و بۆچوونی جیاواز لەسەر فیدراڵییەتەکەی عێراق ، بڕوانە ڕەعد ئەلقادریی " فیدراڵییزم و بنبەستی دەستوریی عێراق " . تشرینی دووەم / نۆڤەمبەری 2020 . بەردەستە لە: www.chathamhouse.org/sites/default/files/2020-11/2020-11-27-iraq-federalism-alkadiri.pdf.

7 بەستەرێك بۆ دەقە عەرەبییە بنەڕەتیی و فەرمییەکەی دەستور، لەپاڵ وەرگێڕانێکی نافەرمیی ئینگلیزیدا لە لایەن زەید ئەلعەلییەوە ،بەردەستە لە سایتی ئەلعەلییدا لە : https://zaidalali.com/resources/constitution-of-iraq/ . زەید ئەلعەلیی پسپۆڕە لە تەحکیمی بازرگانیی نێودەوڵەتیی و یاسای دەستووریی بەراوردکاریی و وەک ڕاوێژکاری یاسایی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان کاری کردووە بە چڕکردنەوەی بایەخ لەسەر چاکسازیی دەستووریی و پەرلەمانیی و دادوەریی لە عێراقدا. وەشانە ئینگلیزییەکەی ئەلعەلیی یارمەتیی لێکدانەوەکارییانەی بەخشیوە وەك ناونیشانە لاوەکییەکان بۆ باشتر تێگەیشتن لە ناوەڕۆکی هەر ماددەیەکی دەستووریی.

8 چەندین بەرپرسی باڵای ئەمریکا ئاماژەیان بە مادەی 110 کردووە لە دەربڕینی گوماندا لەسەر یاسایی بوونی هەناردەکردنە سەربەخۆکانی نەوتی هەرێمی کوردستان بۆ تورکیا لە ساڵی 2013؛
بێن ڤان هیوڤێلن "تورکیا پلانی ئەوەی هەیە داهاتی نەوتی عێراق کۆنترۆڵ بکات" ڕاپۆرتی نەوتی عێراق. 2 ی نیسان/ ئەپریڵ 2013 .بەردەستە لە www.iraqoilreport.com/?p=10526. :

بەشداریی حکومەتی فیدراڵیی وحکومەتی هەرێمی کوردستان ولایەنە پەیوەنییدارە نێودەوڵەتییەکان، شێوە سازانێك لەسەر ئەو یاسایە لە سەرەتای 2017 دا پەیدابوو. بەڵام دواجار نەیتوانی ببێتە یاسا بەهۆی بۆچوونگەڵێکەوە کە نەدەکرا لێکنزیکبکرێنەوە لەمەڕ پرسە سەرەکییەکان[9،10]. سەرەنجام، هەردوولا دەستیانگرت بە لێکدانەوەکانی خۆیانەوە بۆ مادده دەستوورییە باسکراوەکان[11]، وگرێبەستگەلی بەرهەمهێنانی نەوتیی جیاوازیان لەگەڵ کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکانی نەوت واژۆ کرد. حکومەتی هەرێمی کوردستان پاش تێپەڕاندنی یاسای نەوت وگازی تایبەت بە خۆی گرێبەستەکانی هاوبەشییکردنی بەرهەمهێنان (PSCs) ی پەیڕەوکرد، لە کاتێکدا حکومەتی عێراق ڕێککەوتننامەکانی خزمەتگوزاریی تەکنیکیی (TSAs) جێبەجێ کرد[12].

حکومەتی عێراق وسیاسییە ناکوردەکان هەرگیز شەرعییەتی گرێبەستەکانی هاوبەشییکردنی بەرهەمهێنانی حکومەتی هەرێمیان پەسەندنەکردووە. بەوپێیەش، ئەوان بیرۆکەی پابەندکردنی حکومەتی عێراقیان بۆ پێدانی شایستە داراییەکانی کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکانی نەوتیان پەسەندنەکرد کە بەگوێرەی ئەو گرێبەستانە لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا کار دەکەن. ئەم ڕەتکردنەوەیەی پەسەندکرنی گرێبەستەکانی هاوبەشییکردنی بەرهەمهێنان سەری کێشا بۆ جیاوازیی توند لەسەر برەبەشی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بودجەی فیدراڵیی لە بەرانبەر بەشدارییەکانی هەرێم لە هەناردەکانی نەوتدا[13].

## 2. بودجەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان

وەك دەرئەنجام، یاسا یەك لەدوای یەکەکانی بودجەی فیدراڵیی قەرەبوویان بۆ حکومەتی هەرێم سڕییەوە لە پای خەرجییەکانی بەرهەمهێنانی نەوتی هەرێم کە بە کردار حکومەتی هەرێمی پابەند کرد بە پێدانی پارە بۆ کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکانی نەوت کە لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا کار دەکەن لە شایستە بودجەییە دیارییکراوە ساڵانەکەی خۆی.[14] ئەم سڕینەوانەش ئاڵۆزییەکانی نێوان هەردوولایان زیاتر کرد، کە دواجار بووە هۆی دابڕان لە پەیوەندییەکەدا کە گەیشتە ئەوپەڕی بەهۆی دەستگرتنەوەی حکومەتی عێراق لە برەبەشی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بودجەی فیدراڵیی لە ساڵی 2014 دا. حکومەتی هەرێمی کوردستانیش کەوتە وەڵامدانەوە بۆ و ڕۆیشتن بەرەو هەناردەکردنی نەوتی خۆی بۆ بەرزکردنەوەی داهاتە سەربەخۆکان.

لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا، کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکانی نەوت کە لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا کار دەکەن توانای بەرهەمهێنانیان بە شێوەیەکی بەرچاو لە کێڵگەکانیاندا فراوان کرد. بە هاتنی ساڵی 2020 بەرهەمی نەوتی حکومەتی هەرێمی کوردستان گەیشتە تێکڕای 460 هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا (ب ل ڕ) لە تێکڕای 1100 (ب ل ڕ) لە ساڵی 2003 دا، کە مەزندە دەکرێت لە ساڵی 2021 دا بگاتە 480,000 بۆ 500,000 (ب ل ڕ) [15]. (بڕوانە هێڵکاریی 1).

---

9 بۆ خویندنەوەی ناکۆکیی لەسەر یاسای نەوت و گاز، بڕوانە لیۆنێل بێهنەر و گرێگ برۆنۆ " بۆچی عێراقییەکان ناتوانن لەسەر یاسای نەوت ڕێکبکەون ". ئەنجومەنی پەیوەندییەکانی دەرەوە. 22 ی شوبات/ فبرایەری 2008 بەردەستە لە: www.cfr.org/backgrounder/why-iraqis-cannot-agree-oil-law.

10 بۆ زانیاریی زیاتر لەسەر شکستی دانوستانەکانی ساڵی 2007 ، بڕوانە جەیمس گلانز" سازان لەسەر یاسای نەوت لە عێراق پێدەچێت هەرەسبهێنێت". 13 ی ئەیلول/ سێپتەمبەری 2007 بەردەستە لە :
www.nytimes.com/2007/09/13/world/middleeast/13baghdad.html.

11 ناکۆکییەکان لەسەر ماددەکانی 112 و یاسای نەوت و گازی فیدراڵیی ، بەشێک بوون لە ناکۆکییەکی زۆر گەورەتر و ئەو کردەوانەی کە هەردوولا لەماوی چەندین ساڵدا ئەنجامیانداوە. بۆ پیاچونەوەیەکی چڕ وچڕ بۆ ئەمانە بڕوانە سکۆت ئاڕ ئاندرسۆن 'سیاقی دەستووریی بۆ دوا قەیرانی عێراق ' بروکینگز . تشرینی دووەم/ نۆڤەمبەری 2017.
https://www.brookings.edu/blog/markaz/2017/11/07/the-constitutional-context-for-iraqs-latest-crisis/

12 هەروەها بە گرێبەستەکانی خزمەتگوزاریی تەکنیکیی (TSCs) یان ڕێکەوتنەکانی ئاستی خزمەتگوزاریی (SLAs) ناسراون.

13 بۆ چاوخشاندنەوەیەکی ورد بەو پرسانەی لە ناکۆکیی لەسەر بەشی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بودجەی فیدراڵییدا هەن لە بەرانبەر هەناردەی نەوتی خۆی، بڕوانە ئەحمەد تەبەقچەلیی ؛ 'گفتوگۆ لەسەر بەشی کوردستانی عێراق لە بودجەی فیدراڵیی' سەنتەری ئەلبەیان بۆ پلاندانان و دراسات... حوزەیران/ یۆنیۆی 2020.
https: English version :https://www.bayancenter.org/en/2019/06/1940 ,/Arabic version :https://www.bayancenter.org/2019/07/5383/

14 یاساکانی بودجە داهاتەکانی نەوتی فیدراڵیی دەناسێنن، وەك تێچووی سافیی بەرهەمهێنان، بە واتای پاش پێدانی پارەی کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکانی نەوت کە لە کێڵگە نەوتییە فیدراڵییەکاندا کار دەکەن. لەگەڵ ئەوەشدا ئەم یاسایانەی بودجە ، داهاتی نەوتی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە کۆی گشتیی داهات دادەنێن ، واتە بەبێ ڕەچاوکردنی دەستهەقی کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکانی نەوت کە لە کێڵگە نەوتییەکانی هەرێمی کوردستانی عێراقدا کار دەکەن . بەم شێوەیە ئەم یاسایانە ئەوەیان لێوە بەدەر دەکەوێت کە هەرێمی کوردستانی عێراق دەبێت بە جیا ئەو تێچوونانە بدات لە برەبەشی خۆی لە بودجە گشتییەکە .

15 بڕوانە "ڕوانگەی هەفتانەی وزە و ئابوریی و جیۆپۆلتیك " ڕوپێویی ئابوریی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەرگی 64، ژمارە 3. 22ی کانونی دووەم /یەنایەری 2021.بەردەستە لە .www.mees.com/vol/64/issue/3
نیکۆلاس ستیفانۆس بە وەرگرتن لە خستنەگەڕی توێژینەوەی ڕومالکاریی لەسەر کۆمپانیاکانی دۆزینەوە و بەرهەمهێنانی نەوت (E&P) کە لە هەرێمی کوردستانی عێراق کار دەکەن، 18ی شوبات/ فێبرایەری2021 . بەردەستە لە :.www.rencap.com

**هێڵکاریی 1: بەرهەمهێنانی نەوتی حکومەتی هەرێمی کوردستان 2003-2021**




سەرچاوەکان [16].

وەك ڕەنگدانەوەیەکی گەشەکردن لە بەرهەمهێناندا، هەناردەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان گەیشتە تێکڕای 430 هەزار (ب ل ڕ) لە ساڵی 2020 دا لەتێکڕای 900 (ب ل ڕ) لە ساڵی 2008 دا ، کە مەزەندە دەکرێت بۆ ساڵی 2021 بگات 450 هەزار (ب ل ڕ).

**هێڵکاریی 2: هەناردەی نەوتی حکومەتی هەرێمی کوردستان 2008-2021**




سەرچاوەکان[17].

لەگەڵ ئەوەدا، داهاتەکانی هەرێم لە هەناردە سەربەخۆکانی نەوتەوە ئەوەندە نەبوون کە بەشی دابینکردنی تەواوی خەرجییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بکەن، ئەوش سەرکردەکانی کوردی ناچار کرد لە دووی نوێکردنەوەی دانوستانەکان بگەڕێن لەسەر بودجە لە ساڵانی دواتردا. لە ئاماژەیەکیشدا بۆ دیسان نزیکبوونەوە، لە سەرەتای ساڵی 2018 دا، حکومەتی عێراق دەستبەکاربوو بۆ گواستنەوەی بەشی مووچە وخانەنشینیی بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان لە پشکەکەی خۆی لە بودجەی فیدراڵیی، هەرچەندە حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ئاست پابەندییەکانی خۆیدا لە هەناردەکانی نەوتدا نەبوو کە لە بودجەی 2018 دا بە 250 هەزار (ب ل ڕ) دا دیاریی کرابوو. ئەم پارەدانانە لە ساڵی 2019 دا بەردەوام بوون. بودجەی فیدراڵیی بۆ ئەو ساڵە دەسەڵاتی بەخشی بوو بەحکومەتی عێراق بۆ درێژەدان بە گواستنەوەی بەشی مووچە وخانەنشینیی لە بڕەبەشی حکومەتی هەرێمی

---

16 داتای 2003-2009 : وەزارەتی سامانە سروشتییەکان (MNR)ی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەردەستە لە -http://mnr.krg.org/index.php/en/oil/monthly-export : production-data.
داتای 2010 - 2020 : لەسەر بنەمای خەمڵاندنەکانی کۆمپانیای ڕێنیسانس کاپیتاڵ کە لای خۆیانەوە پشتەبەستن بە ژمارەکانی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان. بەردەستن لە /https://gov.krd/mnr-en/publications/oil :، ڕاپۆرتەکانی وردبینیی دیلۆیت لە سەر بەرهەمهێنان و هەناردەکانی نەوتی حکومەتی هەرێمی کوردستان و خەمڵاندنەکانی وود مەکێنزیی: ڕێنیسانس کاپیتاڵ.
تێبینی : داتا بۆ تێکڕای بەرهەمی ڕۆژانە بریتییە لە کۆی بەرهەمی ساڵ بە دابەشکردنی بەسەر 365 ڕۆژدا.
17 داتای 2008-2016: داتای هەناردەکانی نەوت وبەرهەمهێنانی مانگانەی وەزارەتی سامانە سروشتییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان. بەردەستە لە.http://mnr.krg.org/index.php/en/oil/monthly-export-production-data .
داتای 2017 تاوەکو 01- 2020/09: ڕاپۆرتەکانی دیلۆیت دەربارەی پێداچوونەوەی نەوت و گاز لە هەرێمی کوردستانی عێراق بەردەستن لە:
ڕاپۆرتەکانی 2017:,https://gov.krd/english/information-and-services/open-data/deloitte-reports/deloitte-report-2017/
ڕاپۆرتەکانی 2018: ,https://gov.krd/english/information-and-services/open-data/deloitte-reports/deloitte-report-2018/
ڕاپۆرتەکانی 2019 : /https://gov.krd/english/information-and-services/open-data/deloitte-reports/deloitte-report-2019
ڕاپۆرتەکانی 2020 : ./https://gov.krd/english/information-and-services/open-data/deloitte-reports/deloitte-report-2020
تشرینی یەکەم / ئۆکتۆبەر بۆ کانوونی یەکەم/ دیسەمبەری 2020 و 2021 خەمڵاندنەکانی IER ن.
تێبینی: داتا بۆ تێکڕای هەناردەی ڕۆژانە لەسەر بنەمای کۆی هەناردەی ساڵە کە دابەشکراوە بە سەر 365 ڕۆژدا.

کوردستان لە بودجەی فیدراڵیی تەنانەت لە کاتی شکستهێنانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە جێبەجێکردنی پابەندبوونەکانی خۆی لە هەناردەکانی نەوت کە بریتیی بوون لە لانی کەم 250 هەزار (ب ل ڕ) دا [18]، لەگەڵ ئەو هۆشدارییدانەی کە *تەواوی* بڕەبەشی بودجە تەنها کاتێك دەدرێت کە بڕی داواکراوی 250 هەزار (ب ل ڕ) ڕەوانەی ڕێکخراوی نیشتمانیی بۆ بازاڕسازیی نەوت (سۆمۆ-SOMO) کرابێت.

داهاتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە هەناردە سەربەخۆکانی نەوت وداهاتە نانەوتییەکان لە شێوەی باج وتاریفە گومرگییەکان ولەم دواییانەشدا گواستنەوەی مووچە وخانەنشینیی لە حکومەتی عێراقەوە بەدەستخراون. بڕی ئەم داهاتانەش زیاترکراوە بە قەرزکردن لە شێوەی فرۆشە پێشەکییەکانی نەوتدا[19].

لە نەبوونی گواستنەوە داراییەکانی حکومەتی عێراقدا لە نێوان ساڵانی 2014 بۆ 2017، داهاتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان هێندە نەبوون بەشی دابینکردنی خەرجییەکان بکەن، بەتایبەت پێدانی مووچە وخانەنشینیی بە کەرتی گشتیی قەبەی حکومەتی هەرێمی کوردستان. لەمەوە زۆرجار حکومەتە هەرێمایەتییەکە پەنای دەبرد بۆ لێبڕین ودواخستن لە پێدانی پابەندبوونەکانی وەك کەرەستەی کورتخایەن بۆ پڕکردنەوەی کەلێنی نێوان داهاتەکان وخەرجییەکان[20]. ئەم دۆخە لە ساڵی 2018 تا 2020 بەردەوام بوو، بەڵام سەختییەکەی زۆر کەمتربوو دوای لێکنزیکبوونەوەکەی ساڵی 2018 هەروەك دەکرێت لە خشتەکەی خوارەوەدا ببینرێت.

هەر وەك لەو خشتەیەی خوارەوەدا نیشاندراوە، کۆی داهاتە نەوتییە خەمڵێندراوەکان بۆ ساڵی 2020 2.46 ملیار دۆلار بووە . خەمڵاندنەکانی داهاتە نانەوتییەکان (باج و تاریفە گومرگییەکان)، وداهاتەکانی تریش (بۆ نموونە لە پاڵپشتی حکومەتی ئەمریکا بۆ پێشمەرگە، مووچەکانی حکومەتی فیدراڵیی) 3.5 ملیار دۆلار بوون. ئەمەش بە کۆی گشتیی کۆکراوە دەگاتە 5.97 ملیار دۆلار. بەزانینی ئەوەی خەرجییە خەمڵێندراوەکان 8.28 ملیار دۆلار بوون، بووەتە هۆی کورتهێنانێکی مەزەندەکراو بە 2.3 ملیار دۆلار. پێشتر کورتهێنانگەلی هاوشێوە بەڵام کەمتر سەخت بۆ ساڵی 2018-2019 مەزەندە کراون.

دابرانە ئابورییەکان وکۆت وبەندەکانی سەر جموجوڵ لە سەروەختی پەتای جیهانیی کۆڤید- 19 لە ساڵی 2020 دا بوونە هۆی کەمبوونەوەیەکی سەختی داهاتە نەوتیی ونانەوتییەکانی هەردوو حکومەتی هەرێمی کوردستان وعێراق. کورتهێنانی داهات لەسەر ئاستی فیدراڵیی و تۆڕەیی لە شکستی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە دابینکردنی بڕی داواکراوی 250 هەزار (ب ل ڕ) بۆ سۆمۆ لە ساڵی 2019 و 2020، وای لە سیاسییە ناکوردەکان کرد، داوای کۆتاییهێنان بە شایستە داراییەکانی مووچە بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان بکەن کە لە بودجەی فیدراڵیی ساڵی 2019 دا جێیان کرابووەوە[21]، [22] .

---

18 ئەمانە بە وردەکاریی تەواوەوە باسکراون لە ئەحمەد تەبەقچەلیی؛' گەنگەشە لەسەر بڕەبەشی کوردستانی عێراق لە بودجەی فیدراڵیی'دا. سەنتەری ئەلبەیان بۆ پلاندانان و دیراسات. حوزەیران / یۆنیۆی 2020. وەشانی ئینگلیزیی:,https://www.bayancenter.org/en/2019/06/1940/
وەشانی عەرەبیی:/https://www.bayancenter.org/2019/07/5383

19 فرۆشە پێشەکییەکانی نەوت قەرزن کە لە فرۆشتنی نەوت لە داهاتوودا دەدرێنەوە. ئەم فرۆشانە لەو بەشانەدا باس کراون کە بە ناونیشانی : " نەوت : هەبووەکان و داواکراوەکان وبەرهەمهێنان و هەناردەکان" ( ل 4 ) و " قەرز: دواخراوەکان و وەرگیراوەکان"ن (ل 25)ی تەبەقچەلیی " دەوڵەتبوون لە هەرێمی کوردستان " ، ئایرس.
کۆی ئەژماری شایستە بۆ پێدانی فرۆشە پێشەکییەکانی نەوت 4.3 ملیار دۆلار بووە تا کۆتایی مانگی ئەیلول / سێپتەمبەری 2020. سەرچاوە : -https://gov.krd/english/information /and-services/open-data/deloitte-reports/deloitte-report-2020 .

20 ئەمانە باسکراون لەو بەشەدا کە بە ناونیشانی" داهات و خەرجییەکان " موەیە ( ل 30 ) ی تەبەقچەلیی ، " دەوڵەتبوون لە هەرێمی کوردستان " ، ئایرس.

21 25 ئەندام پەرلەمانی فیدراڵیی داوای لێکۆڵینەوەی دادوەرییان کرد دژی فوئاد حسێن وەزیری پێشووی دارایی لە پارتی دیموکراتی کوردستان، بەهۆی بەهەدەردانی سامانی گشتیی و گواستنەوەی 5 ملیار دۆلار بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان هەرچەندە ئەمەی دوایی لە ئاست جێبەجێکردنی پابەندبوونەکانیدا نەبووە بەرانبەر بەغداد. سپێدە 23 ی نیسان / ئەپریڵی 2020 بەردەستە لە: http://www.speda.net/index.php/ar/news/iraq/53470

22 ئەمە تا ساڵی 2020 یش کارا بوو بە پێی بنەمای یەك لە دوانزە 12 / 1. بنەماکە لە بنەڕەتدا مانای ئەوەیە کە حکومەت دەتوانێت تا یەك لە دوانزە بەشی تەرخانکراوەکان لە ساڵی 2019 دا بە شێوەیەکی مانگانە خەرج بکات و مایەی پەیڕەوکردن بوو بەزانینی شکستهێنانی حکومەتی عێراق لە پێشکەشکردنی پرۆژەی پێشنیازکراوی بودجەدا بۆ ساڵی 2020 لە کۆتایی 2019 دا.

## خشتەی 1: داینامیکییەکان (بزاوتەکان)ی هەناردە نەوتییەکان و بودجەی حکومەتی هەرێمی کورد

| | | 2018 | 2019 | 1020 | 2020 | 3Q20 | 4Q20E | 2020E |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | برێنتی وادە دیاریکراو. bbl$ | 71.1 | 64.4 | 50.1 | 29.56 | 42.94 | 44.16 | 42 |
| . | داشکاندنی کوردستان. bbl$ | 12.66 | 11.8 | 18.5 | 13.8 | 11.3 | 11.8 | 13.9 |
| | تێکرای بەدەستهاتووی ڕاستەقینە | 58.44 | 52.6 | 31.6 | 15.8 | 31.7 | 32.36 | 28.1 |
| | کۆی بەرهەمی هەرێمی کوردستانی عێراق، kbopd | 379.8 | 468.4 | | | | | 460.2 |
| | بەرهەمی هەناردەکراو، kbopd | 371 | 439.6 | 463.8 | 410 | 430.3 | 440 | 434.5 |
| | بەرهەمی هەناردەکراو، یەك ملیۆن بەرمیل (ی م ب-mmbbl) | 135.4 | 160.4 | 42.3 | 37.4 | 39.3 | 39.6 | 158.6 |
| A | داهاتی فرۆشی نەوت | 7,914.70 | 8.438.6 | 1,342.30 | 590.3 | 1,243.50 | 1,281.50 | 4,457.60 |
| | تێچوون'قازانجی IOC و پارەدانەکانی تر | -2.407.1 | -2.537.1 | -427.5 | -500.6 | 421.5 | 448.5 | -1.798.1 |
| | % لە کۆی داهات | 30% | 3W> | 32% | 85% | 34% | 35% | 40% |
| | تاریفەکانی کۆمپانیای وزەی تورکی | 436.2 | 4942 | -136.7 | -70 | 47.7 | -39.6 | -294.1 |
| | % لە کۆی داهات | 6% | 6% | 10% | 12% | 4% | 3% | 7% |
| | In $/bbl | 3.2 | 3.1 | 3.2 | 1.9 | 1.2 | 1 | 1.9 |
| | تاریفەکانی کۆمپانیای لولەنەوتییەکانی کوردستان | | -6444 | -179.1 | -84.9 | -191.3 | -158.4 | -613.7 |
| | % لە کۆی داهات | 0% | 8% | 13% | 14% | 15% | 12% | 14% |
| | In $/bbl | 0 | 4 | 4.2 | 2.3 | 4.9 | 4 | 3.9 |
| | ڕسوماتی فرۆشە پێشەکییەکانی نەوت | -19.7 | -15 | | | | | -9.8 |
| | خەرجییە یاساییەکان | -24.6 | -3.5 | -9.8 | | | | |
| B | خەرجییە تەشغیلییەکانی نەوت | -2,887.60 | -3,694.10 | •753.2 | •655.5 | -660.5 | •646.5 | -2,715.60 |
| A-B | داهاتی سافیی نەوت | 5,027.10 | 4,744.50 | 589.1 | •65.1 | 583 | 634.9 | 1,742.00 |
| | % لە کۆی داهات | 64% | 56% | 44% | ■11% | 47% | 50% | 39% |
| | In $/bbl | 37.1 | 29.6 | 13.9 | ■1.7 | 14.8 | 16 | 11 |
| | پارەدانی کارەبا و | 411.4 | -398.5 | -24.1 | | | | -24.1 |
| | پارەدانەکانی تر | -112.5 | -379.6 | -36 | -11.1 | | | 47.1 |
| C | تێچوونەکانی تری حکومەتی هەرێم | •523.9 | -778 | •60.1 | -11.1 | 0 | 0 | -71.3 |
| | دانەوەی قەرز بۆ TEC و TPIC | -690 | -610 | ■60.0 | | | | -60 |
| | پارەدانەوەکانی فرۆشە پێشەکییەکانی نەوت (بە فائیدەوە) | -337.7 | -706 | ■6.6 | -21.4 | -29.6 | | -57.6 |
| D | خەرجییەکانی داراییدان | -1,027.70 | -1,316.00 | -66.6 | •21.4 | ■29.6 | 0 | •117.6 |
| E | داهاتی سافیی تر لە PSC / هی تر | 868.3 | 292.2 | | | | | |
| F | فرۆشە پێشەکییە تازەکان | 190.6 | 1,572.70 | 498.7 | 415 | 0 | | 913.7 |
| G=A+E+F-B-C-D | داهاتە سافییەکانی پەیوەست بە چالاکییە نەوتییەکان * | 4,534.30 | 4,515.40 | 961 | 317.3 | 553.5 | 634.9 | 2,466.70 |
| | داهاتی نانەوتیی | 914.9 | 1919.6 | 240 | 240 | 240 | 240 | 959.8 |
| | پارەدانەکانی حکومەتی ئەمریکا بۆ پێشمەرگە | 2622 | 290 | 51 | 51 | 51 | 51 | 2M.0 |
| | پارەدانەکانی موچەی FG | 2.397.5 | 4.5782 | 583 | 583 | 583 | 583 | 2,331.90 |
| H | داهاتەکانی تر | 3574.5 | 6787.8 | 873.9 | 873.9 | 873.9 | 873.9 | 3,495.70 |
| I=G+H | کۆی داهاتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان | 8,108.80 | 11,303.20 | 1,834.90 | 11,912 | 1,427.40 | 1,508.90 | 5,962.40 |
| | موچەی کەرتی گشتیی حکومەتی هەرێمی کوردستان | -6.668.4 | •9.025.21 | -1.805.0 | -1.579.4 | -1,579.40 | -1.579.4 | •6.543.3 |
| | پارەدانەوەکانی قەرزی حکومەتی هەرێمی کوردستان | -500 | -690 | -86.25 | -86.25 | -86.25 | ■86.25 | -345 |
| | شمەك و خزمەتگوزارییەکان و صیانەی حکومەتی هەرێمی کوردستان | •1.339.6 | •2.500.84 | -312.5 | -312.5 | -312.5 | -312.5 | -1250 |
| | وەبەرهێنانەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان | -268.1 | 473.949 | -35.5 | -35.5 | -35.5 | -35.5 | -142 |
| J | کۆی خەرجیی حکومەتی هەرێمی کوردستان | -8,776.00 | -12,690.00 | •2,239.3 | -2,013.70 | •2,013.7 | -2,013.70 | -8.280.3 |
| kJ | زیاد هێنان (کورتهێنان) | -667.2 | ■1,386.8 | 404.4 | -822.4 | -586.3 | -504.8 | •2,317.9 |

سەرچاوەکان و زاراوەکان[23].

تێبینی: هەروەك لەلایەن دیلۆیتەوە باسکراوە

سەرچاوە: دیلۆیت، ئەحمەد تەبەقچەلیی، داتای کۆمپانیا، ڕێنیسانس

### 3. ڕێککەوتنی ساڵی 2021 ی حکومەتی هەرێم – بەغداد

ڕێککەوتنی هەنووکەی نێوان حکومەتی هەرێم وبەغداد، هەر وەك لە ساڵانی پێشوودا، ئەوەی دەستنیشانکردووە کە حکومەتی هەرێم لە بەرانبەر بەشی خۆی لە بودجەی فیدراڵییدا دەبێت 250 هەزار بەرمیل نەوت لە ڕۆژێکدا لە هەناردەکانی نەوت ڕادەستی سۆمۆ بکات. بەڵام لە دابڕانێکی گەورەدا لە ڕابردوو، ڕێککەوتنەکە بوار دەدات بە پێدانی شایستە داراییەکانی کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکانی نەوت کە لە هەرێمی کوردستاندا کاردەکەن بە ڕەچاوکردنی ئەوەی کە هەناردەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەسەرووی 250 هەزار بەرمیل نەوتەوە لە ڕۆژێکدا دەکرێت بەکاربهێرنێن بۆ دابینکردنی تێچوونەکانی بەرهەمهێنان وهەناردەکردنی نەوت. هەروەها ڕێککەوتنەکە ڕێگە دەدات بە حکومەتی هەرێمی کوردستان کە بەردەوام بێت لە وەرگرتنی بەشەکانی موچە وخانەنشینیی لە بەرەبەشی خۆی لە بودجەی فیدراڵیی ،بەڵام بەرەبەشی تەواوەتیی نا ،تەنانەت ئەگەر حکومەتی هەرێم شکستیشی هێنا لە ڕەوانەکردنی بڕی داواکراوی 250 هەزار بەرمیل نەوت لە ڕۆژێکدا بۆ سۆمۆ. زێدەباری ئەوەش، ڕێککەوتنەکە داوای پێداچوونەوە ویەکلایی کردنەوەی قەرزەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانی کردووە لە پاش هەڵپەساردنی بەرەبەشەکەی لە بودجە بەدەستی حکومەتی عێراق لە 2014 دا.

ئەم ڕێککەوتنە سەرەتا لە نیوەی دووەمی 2019 دا گەڵاڵە بوو، کە هەوڵێکی نوێکراوەی بەخۆوە بینیی لەلایەن سەرکردایەتیی تازەوە لە هەردوولاوە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی ڕابردوو وگەڵاڵەکردنی ڕێککەوتنێك کە هەردوولا بتوانن پاڵپشتیی بکەن تاوەکو بخرێتە ناو پرۆژەی پێشنیازکراوی بودجەی 2020 ەوە[24،25] . ڕێك لەوکاتەشدا کە ڕێککەوتنێك لەنەخشاندندابوو، ئەو خۆپیشاندانانەی بە ڕابەرایەتیی گەنجان لە چەندین ناوچەی وڵاتدا سەریانهەڵدا لە گەڵارێزانی 2019 دا دەستلەکارکێشانەوەی عادل عەبدولمەهدی سەرۆك وەزیرانی پێشوویان سەپاند، ولە ئەنجامی ئەوەشدا حکومەتی بەرئەنجامی کاربەرێکەر چیتر دەسەڵاتی ئەوەی نەبوو پرۆژە یاساکان پێشکەشی پەرلەمان بکات لەناویاندا بودجە. سەرۆك وەزیری ئێستای عێراق مستەفا کازمیی لە سەرۆك وەزیرانی پێش خۆیەوە هاوسەنگیی سیاسیی لەرزۆکی نێوان هێزەکانی ناو پەرلەمانی بە میرات وەرگرت. لە پێویستبوونی بە هەمان ئەو پاڵپشتییەی لایەنە کوردییەکان کە سەرۆك وەزیرانی پێش خۆیشی پێویستیی پێی بوو، ئەو ڕێککەوتنی بودجەیەی پێشتر لە گەڵارێزانی 2019 دا گەڵاڵە کرابوو ،هەر زوو بوژێندرایەوە و ڕێی خۆی دۆزییەوە بۆ ناو بودجەی 2021 لەگەڵ مانەوەی زۆرینەی بەندە بنەڕەتییەکان بێ دەست لێدانیان[26]. بەڵام ڕێککەوتنەکە زۆری نەبرد ڕووبەڕووی بەرپەرچدانەوەیەکی توند بووەوە لەناو پەرلەماندا کە لەو پەرلەمانتارانەوە سەرچاوەی گرتبوو کە شکستی حکومەتی هەرێمی کوردستانیان دەهێنایەوە بیر لە وەلامدانەوەی پابەندبوونەکانی لە 2019 و 2020 دا لەسەر شێوەی هەناردەکانی نەوت کە بریتیین لە 250 هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا.

ئەو سازانەی کە سەرەنجام بەدییهات لە تێپەڕاندنی بودجەکەدا پارێزگاریی دەکات لە ناوەڕۆکی سەرەکیی ڕێککەوتنە بنەڕەتییەکە لە کاتێکدا وەڵامی زۆربەی داواکارییەکانی نەیارانی ڕێککەوتنەکەش دەداتەوە. لە بنەڕەتدا، سازانەکە زمان و ڕیزبەندیی ئەو بەندانە دەگۆڕێت کە داوایان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکرد لانی کەم 250 هەزار بەرمیل نەوت لە ڕۆژێکدا دابین بکات لە بەرانبەر بەرەبەشی خۆی لە بودجە. ئەم زمان و ڕیزبەندییە نوێکراوەیە ئێستا داوا لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەن کە لانی کەم 450 هەزار بەرمیل نەوت لە ڕۆژێکدا بەرهەمبهێنێت، کە لێیانەوە دەتوانێت تێچوونەکانی بەرهەمهێنان و کارپێکردن وهەناردەکانی نەوت دابین بکات، و دوابەدوای ئەوەش داهاتەکانی لانی کەم 250 هەزار بەرمیل نەوت لە ڕۆژێکدا ڕادەستی حکومەتی عێراق بکات بە نرخەکانی سۆمۆ. لەوەودوا، بڕیارە حکومەتی عێراق بەرەبەشەکەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بودجە بدات. هەروەها ئەو سازانە ئەو بەندانەی لابرد کە باسی قەرزەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانیان دەکرد[27].

لەوەش گرنگتر، هێشتا سازانەکە ڕێگە دەدات بە پێدانی شایستە داراییەکانی کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکانی نەوتی هەرێمی کوردستانی عێراق لە هەناردە سەربەخۆکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە سەروو 250 هەزار بەرمیل نەوتەوە لە ڕۆژێکدا – ئەمەش بارودۆخێکە تەواو جیاوازە لە یاساکانی پێشووی بودجە کە ئەوەیان تێدا بەدییدەکرا کە دەبێت حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەو شایستە داراییانە بدات لە بەرەبەشی خۆی لە بودجەی فیدراڵیی وچاوەڕێی ئەوەشیان دەکرد حکومەتی هەرێمی کوردستان تەواوی

---

23 نیکۆلاس ستیفانۆس لە ڕێنیسانس کاپیتاڵ، خستنەگەڕی توێژینەوەی ڕومالکاریی لەسەر کۆمپانیاکانی دۆزینەوە و بەرهەمهێنانی نەوت (E&P) کە لە هەرێمی کوردستانی عێراق کار دەکەن، 18ی شوبات/ فیبرایەری2021 . بەردەستە لە :.www.rencap.com

زاراوەکان: bbl$ / نرخ بۆ هەر بەرمیلێك، kbpod= 1.000بەرمیل نەوت لە ڕۆژێکدا، TEC= کۆمپانیای وزەی تورکیی، TPIC= کۆمپانیای نێودەوڵەتیی نەوتی تورکیا، FG= حکومەتی فیدراڵیی عێراق.

24 محەمەد حسێن، ڕەوەز تاهیر، بێن ڤان هیوڤێلن، "سەرکردایەتیی نوێ، گفتوگۆی نەوتی بەغداد - هەولێر دەبوژێننەوە". 5ی ئاب/ ئۆگەستی 2019. بەردەستە لە:..www.iraqoilreport.com/news/new-leadership-revives-baghdad-erbil-oil-talks-41985/

25 ڕەوەز تاهیر، محەمەد حسێن، بێن ڤان هیوڤێلن " لەسەروبەندی گفتوگۆی نەوتدا لەگەڵ بەغداد ، حکومەتی هەرێمی کوردستان پێشنیازی چوارچێوەی نوێی بودجە دەکات" ڕاپۆرتی نەوتی عێراق . 22ی ئاب/ ئۆگەستی 2019 بەردەستە لە: -www.iraqoilreport.com/news/ahead-of-oil-talks-with-baghdad-krg-proposes-new-budget-framework 42052/. .

26 ئەم گریمانەیە سەرچاوەی گرتووە لە : أ) پەراوێزی سەرەوە ' ب ) مەرجەکانی پرۆژەی پێشنیازکراوی بودجەی نیشتمانیی 2020 کە لە مانگی ئەیلول/ سێپتەمبەری 2020 پێشکەشی پەرلەمان کراوە، دواتر کێشراوەتەوە؛ . و جـ) مەرجەکانی پرۆژەی پێشنیازکراوی بودجەی سەرەتایی ساڵی 2021 کە لەلایەن وەزارەتی دارایی فیدراڵەوە پێشنیاز کراوە. .

27 سازانەکە، هەر وەك ڕێککەوتنەکە، چەند بڕگەیەکی تریش دەگرێتەوە کە لەیاساکانی پێشتری بودجەشدا کەوتوونەتە بەرچاو، وەك ئەوەی حکومەتی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان سەرجەم کێشە هەڵپەسێردراوەکان لە 2004 ەوە بۆ 2020 یەکلایی بکەنەوە و پێداچوونەوەیان بۆ بکەن، هەروەها حکومەتی هەرێمی کوردستان بەکردارەکیی نیوەی داهاتە نانەوتییەکانی ڕادەستی حکومەتی عێراق بکات.

داهاتەکان لە هەناردە سەربەخۆکانی نەوتەکەی لە سەرووی 250 هەزار بەرمیلەوە لە ڕۆژێکدا ڕادەستی حکومەتی عێراق بکات. لەوەش زیاتر، سازانەکە بە ناڕاستەوخۆ کۆنترۆڵی تەواوەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان پەسەند دەکات بەسەر ژێرخانی هەناردەکردنی نەوتەوە بە داواکردن لێی بۆ ناردنی داهاتەکانی هەناردەکانی لانی کەم 250 هەزار بەرمیل نەوت لە ڕۆژێکدا بە نرخەکانی سۆمۆ و نەوەك ڕەوانەکردنی 250 هەزار بەرمیل نەوتە ڕۆژانەکە بۆ سۆمۆ تا هەناردەی بکات.

ئەم ئەرێنییانە، بەهەرحاڵ، بە جۆرێك لە جۆرەکان بە دوو نەرێنیی سەرەکیی وەڵامدراونەتەوە. یەکەمیان ئەوەیە لە کاتێکدا داهاتەکانی هەناردە سەربەخۆکانی نەوتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەسەرووی 250 هەزار بەرمیل نەوتەوە لە ڕۆژێکدا، دەتوانن بە ئاسانیی شایستە داراییەکانی کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکانی نەوتی هەرێمی کوردستانی عێراق دابین بکەن، زۆر لەوە کەمتر بتوانن تێچوونەکانی تری ژێرخانی هەناردەکردنی نەوتی حکومەتی هەرێمی کوردستان دابین بکەن لەگەڵ ئەو پابەندبوونانەی لە فرۆشە پێشەکییەکانی نەوتەوە پەیدادەبن (بڕوانە خشتەی 1). دووەمیشیان ئەوەیە کە داواکاریی ناردنی داهاتەکانی هەناردەکردنی لانی کەم 250 هەزار بەرمیل نەوت لە ڕۆژێکدا بە نرخەکانی سۆمۆ وادەگەیەنێت کە حکومەتی هەرێمی کوردستان پێویست دەکات- لە بڕەبەشی خۆی لە بودجە - ئەو جیاوازییەی نێوان نرخەکانی فرۆشتنی خۆی و نرخەکانی فرۆشتنی سۆمۆ کە بەرزترن بدات بە حکومەتی عێراق[28].

ئەم دوو نەرێنییە سەختتر کراون بە بڕینەکەی پەرلەمان بۆ 17.5% ی بڕەبەشی بودجەی تەرخانکراوی حکومەتی هەرێمی کوردستان (لەوەی کە پێشتر ڕێککەوتن هەبوو لەسەری لەگەڵ حکومەتی عێراق لە پرۆژەی بودجە پێشنیازکراوە بنەڕەتییەکەدا) [29] وەك بەشێك لە لێبڕینێکی فراوانتری پەرلەمان بۆ کۆی گشتیی بودجەی فیدراڵیی[30].

سازانە بەرئەنجامەکە هێشتا هەرێمە کوردییەکە لە بارودۆخێکدا دەهێڵێتەوە کە تیایدا سەرەنجام حکومەتی هەرێمی کوردستان هیچ بژاردەیەکی تری نابێت تەنها ئەنجامدانی لێبڕینە بەرچاوەکان نەبێت لە خەرجییەکانی، کە زۆرینەیان پێشبینییان لێدەکرێت دەبێت بۆ موچەی کەرتە گشتییە زەبەلاحەکەی ئەنجام بدرێن؛ بەڵام هەر چۆنێك بێت، ئەم لێبڕینانە زۆر کەمتر دەبن لەوەی کە پێویست دەبوو بکرێن ئەگەر سازانەکە لەئارادا نەبووایە. شکستهێنان یان دواخستنەکان لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بۆ ئەنجامدانی لێبڕینەکان لە خەرجییەکان، جا بۆ موچەی کەرتی گشتیی بێت یان بۆ ژێرخانی هەناردەکردنی نەوتی حکومەتی هەرێمی کوردستان بێت، بۆ هاوتابوون لەگەڵ داهاتەکان ئەو هەلومەرجانە دووبارە دەکەنەوە کە ڕێگرییان کرد لە حکومەتی هەرێمی کوردستان لە جێبەجێکردنی پابەندییەکانی لە 2018-2020. دەکرێت شلگیریی ونەرمگەرایی ئەو زمانەی بەکارهێنراوە لە سازانەکەی بودجەدا داواکارییەکانی سیاسییە ناکوردەکان دووبارە بکەنەوە و پاساویان بۆ بهێننەوە بۆ کۆتاییهێنان بە پارە ناردنەکان بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان هەر کاتێك نائومێدبوون سەریهەڵدا لەسەر دواخستنەکان لە ناردنی داهاتە داواکراوەکانی هەناردەکردن.

## 4. لێکەوتە سیاسییەکانی ڕێککەوتنەکە

**سازانەکە لە ڕێککەوتنی بودجەی 2021 دا هەنگاوێکی گەورەیە بەرەو پێشەوە :**ئەو سازانەی لە پەرلەمان بەدیهات لە تێپەڕاندنی بودجەکەدا هەنگاوێکی گەورەی ئەرێنییە بەرە پێشەوە لە چارەسەرکردنی کێشەی بەردەوامی قەرەبووکردنەوەی کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکانی نەوت لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا. دەبێت فراوانتر بکرێت بۆ پەسەندکردنێکی سیاسیی شەرعییەتی هەر یەك لە گرێبەستەکانی خزمەتگوزاریی بەرهەمهێنان - PSCs ی حکومەتی هەرێمی کوردستان و ڕێککەوتننامەکانی خزمەتگوزاریی تەکنیکیی (TSAs) ی حکومەتی عێراق لەوەڵامی پێویستییەکانی ماددەی 112 -2 ی دەستووردا، لەگەڵ ناساندنی ئەوەی هەر جۆرە گرێبەستێکیان ئەوپەڕی گونجاوە بۆ تایبەتمەندییە بارودۆخئامێزە جیاوازەکانی کێڵگە نەوتییەکانی هەر یەکێکیان بەجێی خۆیان.

**سەرەنجام یاسایەکی فیدراڵیی دوولایەنە پەسەندکراوی نەوت وگاز پێویست دەبێت** :وەها پەسەندکردنێك بۆ گرێبەستەکانی هەر لایەك لەگەڵ کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکانی نەوت بناغەیەك بۆ لایەنەکانی هەر دوولا دروست دەکات بۆ داڕشتن وپەسەندکردنی یاسایەکی فیدراڵیی نەوت وگاز کە بە وەکیەکیی بۆ هەردوولا کار بکات یەکانگیر لەگەڵ دیدێکی هاوبەش بۆ بونیادی فیدراڵیی دەوڵەت، و لەمەوە ماددەکانی 111و 112 جێبەجێ بکات بۆ بەرژەوەندیی گەلی عێراق .ئەمەش کۆتایی دەهێنێت بەو ململانێ نەگۆڕەی هەیە لەسەر بڕەبەشی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بودجە، وپتەوکردنی مافەکان وپابەندبوونەکانی قەوارە بەشەکییە نیشتمانییەکان وناوەندیش لە ڕێی یاسایەکی هەمیشەییەوە کە پێشبینیی نەکراویی وتەمومژی ڕێککەوتنە سیاسییە لەبارەکانی ڕابردوو نەهێڵێت کە هەمیشە شکستیان هێناوە.

**لە دانوستانەکانی ئاییندەدا، هەردوولا دەبێت واقعیی تر بن لەمەڕ هۆکارگەلە بونیادییە بەرینترەکانەوە:** سەرباری بەهێزییەکانی، ئەم ڕێککەوتنە و سازانە بەرئەنجامەکە کە لە پەرلەماندا بەدیهاتن بەندن بە بەرزبوونەوەی بەردەوامی داهاتەکانی نەوتەوە لە ساڵانی داهاتوودا بۆ دارایی دانی خەرجییە هەمیشە ڕوو لە زیادبوونەکانی حکومەتی فیدراڵیی،و زیادبوونی بەرئەنجامگیری شایستە

28 ئەمە لەسەر بنەمای داتای هەناردەی فیدراڵییە لە کێڵگەکانی کەرکوکەوە کە لە ڕووی فیدراڵییەوە کۆنترۆڵکراون و هەناردە دەکرێن لە ڕێی هەمان ڕێڕەوەکانی هەناردەکردنەوە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان بەکاری هێناون ، ئەمەش ئەوە نیشان دەدات کە داشکاندنی فیدراڵیی نەوتی کەرکوك بۆ برێنتی خاو بەشێوەیەکی دیار کەمترە لە داشکاندنی نەوتی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ برێنت ( خشتەی 1) - تەنانەت دوای ئەژمارکردنی بۆ جۆرایەتییە نەوتییە جیاوازەکان . سەرچاوەکان : سۆمۆ لەسەر هەناردەکردنی نەوت https://somooil.gov.iq/exports و وتووێژ لەگەڵ نیکۆلاس ستیفانۆس لە ڕێنیسانس کاپیتاڵ.

29 "یاسای بودجەی فیدراڵیی کۆماری عێراق بۆ ساڵی 2021" وەزارەتی داد. بەردەستە لە:https://www.moj.gov.iq/upload/pdf/4625.pdf

30 تەبەقچەلیی و نووسەرانی تر، "بودجەی نیشتمانیی: ئاسۆکانی مەودای کورت و مامناوەند" ئایرس.

تەرخانکراوەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان. ئەوەی بە پێچەوانەی ئەم پرۆسە نابەردەوامەوە لە کاردایە ئەو گوشارە بەهێزانەن کە هۆکارە دیمۆگرافییەکانی وڵاتەکە دەیانسەپێنن[31]، کە بە تێپەڕبوونی ساڵەکان توانای داهاتە بەرزەکانی نەوت دادەخورێنن بۆ دارایی دانی وەها خەرجییگەلێك، ئەمەش ئەم ڕێککەوتنە بەرژەوەندخوازە سیاسییە کورت مەودایانە دەگۆڕێتە سەر پەیڕەوکارییەك لە بێ هودەییدا و لە هەمان کاتیشدا هێنانەکایەی هەلومەرجەکان بۆ بشێویی کۆمەڵایەتیی لە داهاتوودا.

## بەشی II : ئاسۆکانی هەمەچەشنکردنی ئابوورییانە لە هەرێمی کوردستانی عێراق

دانوستانەکان لە نێوان ئەو لایەنە سیاسییە باڵادەستانەی لە بەغداد جێگیرن وشاندی حکومەتی هەرێمی کوردستان چەند مانگێکیان پێچوو تا بگەنە کۆتایی، بەوەش دەقی برگەیەکیان لەبودجەی عێراقی فیدراڵدا هێنایەبوون کە تەنها بۆ ساڵێك کارایە. لە نەبوونی یاسایەکی فیدراڵیی نەوت وگازدا کە ببێتە مایەی مکومکردنی پەیوەندیی متمانەبەرداریی نێوان حکومەتی عێراق وحکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەم جۆرە دانوستانانە ڕواڵەتێکی ساڵانەی پرۆسەی بودجەن، کە دەبنە هۆی پەخشکردنی ناڕوونیی لە قەبارە وکاتی ڕەوانەکردنەکان بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان. بە زانینی ئەم نادڵنیاییەوە، حکومەتی هەرێمی کوردستان بە بەردەوامیی دووچاری بەرەنگارییەکان دەبێت لە وەڵامدانەوەی پابەندبوونە داراییەکانیدا، بەتایبەتیی ئەگەر دانوستانەکان هەرەسبهێنن وڕەوانەکردنەکانی داهات لە بەغدادەوە ڕابگیرێن لە پرۆسەکەدا. لەمەوە، حکومەتی هەرێمی کوردستان دەبێت ڕێڕەوگەلی نوێ وجێگیری داهات بهێنێتە بوون، وبۆ ئەوەش کە ڕوویدات، حکومەتی هەرێمی کوردستان پێویستە بەپەلە ئابوورییەکەی هەمەچەشن بکات دوور لە نەوت.

هەروەك حاڵی وڵاتەکە بەگشتیی، نەوت سەرچاوەی یەکەمی داهاتە لە هەرێمی کوردستان، کە نزیکەی 80%ی کۆی بەرهەمی ناوخۆیی - GDP هەرێمەکە پێکدێنێت. کشتوکاڵ نزیکەی 10%ی GDP پێکدەهێنێت، گەشتوگوزار 4% ە؛ وخزمەتگوزارییەکان و پیشەسازییەکان تەنیا 6%.

هەروەها نەوت تا 90%ی هەناردەکانی هەرێم پێکدەهێنێت. ئەم بەشە دەکۆڵێتەوە لەوەی داخۆ هەمەچەشنکردنی ئابوورییانە لەوەها هەرێمێکی وابەستەی نەوتدا لەماوەی کورت مەودادا لە کردن دێت، ئەوجا دواتر ئەو کەرتانەش دەستنیشان دەکات کە دەکرێت پێشڕەویی ئەو گەشەپێدانە بکەن وداهاتگەل پەیدابکەن کە زۆر پێویستن. ئەو کەرتانەی کە هەرە زیاتر ئەگەری ئەوەیان لێدکرێت هەمەچەشنکردنی ئابوورییانە ببزوێنن لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا بریتیین لە کشتوکاڵ وپیشەسازیی وگەشتوگوزار. هەر کەرتێکیش ڕووبەڕووی ئاڵنگارییگەلی بەرچاو دەبێتەوە کە دەکرێت گەشەپێدان لەچەند ساڵی کەمی داهاتوودا سنوردار بکەن.

### 1. کشتوکاڵ: کرینی خۆماڵیی

لە 2008 دا، حکومەتی هەرێمی کوردستان پلانێکی گەشەپێدانی کەرتی کشتوکاڵیی خستەڕوو بە بودجەی 10 ملیار دۆلاری ئەمەریکیی کە لەماوەی دەساڵدا بخرێتەگەڕ لە لایەن هەردوو کەرتی گشتیی وتایبەتەوە. لە کۆتاییدا، حکومەتی هەرێمی کوردستان تەنیا 50 ملیۆن دۆلاری خەرج کرد کە بەڕوونیی ئەوەندە نەبوو بەشی ئەوە بکات توانست بدات بەو کەرتە تا گەشە بکات وببێتە جێگرەوەی وابەستەیی بە بەرهەمی هاوردەوە – بەتایبەتیی لە تورکیا و ئێرانەوە. لە پاڵ پابەندیی حکومیی لاواز بە پلانەکەوە لە سەرەتاوە – هەروەك بەرجەستەبوو بە بەڵگەی بڕی کەمی دارایی پەیوەندییدار بە پلانەکەی 2008 ەوە – خەرجیی حکومەتی هەرێمی کوردستان، وجێبەجێکردنەکەش بێبەش بوو لە ڕوونکاریی - شەفافییەت وهەتا ئێستاش بە ناڕوونیی دەمێنێتەوە کە داخۆ کام ئەگەر هەبێت لە ئامانجەکانی گەشەپێدانی کەرتەکە لە ڕاستییدا بەدیهاتوون [32].

لەوەش زیاتر، لەبەر ئەوەی بازرگانیی لە دەروازە سنوورییەکانەوە ڕێڕەوی داهاتێکی نانەوتیی بەرچاو بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان پێکدەهێنێت، سەپاندنی تاریفەگەلی قورس بۆ پاراستنی بەرهەمی کشتوکاڵیی خۆماڵیی لەدەست هاوردەی زۆر هەرزانتر دەشێت بسەلمێت کە بڕیارێکە بە گران دەکەوێت لەسەری [33].

هەر وەکو توێژینەوەکانی پێشوو ئاماژەیان پێداوە، لایەنە کوردییە دەسەڵاتدارەکان پشتدەبەستن بە دەستخستنی موڵکانە لە چالاکییەکانی سەر دەروازە سنووریەکانەوە بۆ دارایی دانی تۆڕەکانی دەستوپێوەندەکانیان [34،35]. لە ئەنجامی ئەوەدا، نەبوونی ویستی سیاسیی لای لایەنە کوردییەکان بەربەستێکی گەورەیە لەبەردەم گەشەپێدانی کشتوکاڵدا لەهەرێمی کوردستانی عێراق. حکومەتی

---

31 ئەحمەد تەبەقچەلیی 'چۆن دیمۆگرافیا هێزی کڕینی دەستوپێوەندی بەش بەشێنەی تایفیی عێراق دادەخورێنێت؟' دەستپێشخەریی چاکسازیی عەرەبی، تەمموز/یۆلیۆی 2020
https://www.arab-reform.net/publication/how-demographics-erode-the-patronage-buying-power-of-iraqs-muhasasa-taifia

32 چاوپێکەوتنی نووسەر لەگەڵ ئابوریناسێك لە کوردستان 5 ی ئادار/ مارسی 2021 .

33 چاوپێکەوتنی نووسەر لەگەڵ وەزیری پێشوی کشتوکاڵ لە کوردستان 7ی ئادار/ مارسی 2021.

34 زمکان عەلی سەلیم و ماك سکێلتۆن،" گەڕان بەدوای تارماییەکاندا: بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیی لە دەروازە سنوورییەکانی عێراق"، بلۆگی بەرنامەی لێکۆڵینەوەی ململانێی سکوڵی ئابووریی لەندەن- LSE 24ی شوبات/ فێبرایری 2021 . بەردەستە لە:
https://blogs.lse.ac.uk/mec/2021/02/24/searching-for-ghosts-fighting-corruption-at-iraqs-border-crossings/.

35 زمکان عەلی سەلیم و ماك سکێلتۆن،" هەڵسەنگاندنی سەقامگیریی کوردستانی عێراق: چۆن دەستەگەریی ململانێ دەنەخشێنێت"، زنجیرەی 38 ی بڵاوکراوەکانی ناوەندی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستی سکوڵی ئابووریی لەندەن- LSE تەمموز/ یۆلیۆی 2021 . بەردەستە لە:
https://eprints.lse.ac.uk/105775/1/MEC_assessing_iraqi_kurdistans_stability_published.pdf.

هەرێمی کوردستان سەرەنجام دەبێت هاوسەنگیی بکات لە نێوان بازرگانیی دەروازە سنوورییەکان وپێویستیی پشتگیریکردنی بەرهەمهێنەرە کشتوکاڵییەکانی ناوخۆ.

تەنگژەکە لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا ئەوەیە بەرهەمە هەرزانەکان لە وڵاتانی دراوسێوە نەك هەر تەنیا سود دەگەیەنن بە کاراکتەرە سیاسییەکان بەڵکو بە بەکاربەرانیش. بەرهەمە خۆراکییەکان کە هاوردە دەکرێن لە ئێران وتورکیاوە (وەکو جگەرە و پەلەوەر وسەوزەوات ومیوەهات) زۆر هەرزانترن لە هاوتا خۆماڵییەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق. لەکاتێکدا جوتیاران و کەرتی کشتوکاڵیی هەرێمەکە بەردەوام دەکەونە بەر فەرامۆش کردن بە نرخدانانی کێبڕکێئامێزی هاوردە ، بەکاربەرانی ناوخۆ پێشوازیی دەکەن لەو کەڵکە کورتخایەنانەی دەچنە گیرفانەکانیانەوە.

## 2. پیشەسازیی: بنیاتنان لەسەر توانای سەلمێنراو

لە 2003ەوە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەستیکردووە بە پەرەپێدانی پیشەسازییە لێهاتووەکانی دروستکردنی چیمەنتۆ وئاسن وخشت لەپاڵ خزمەتگوزارییەکانی ترلە کەرتی پەیوەندییەکاندا [36]. حاڵی حازر هەرێمەکە چیمەنتۆ وئاسن وکەرەستەکانی تری بیناسازیی دەفرۆشێت بە ناوچەکانی تری عێراق. بەڵام ئەم ناوچانەی تری عێراق بازاڕێکی سنووردار پێکدێنن. پسپۆڕێکی پیشەسازیی دووپاتیکردەوە،"پێگەی ئێمە باشە لەبەرئەوەی بەشەکانی تری عێراق لەم بوارانەدا پێشکەوتوو نین"[37]. لەبەر کەمیی کارامەیی وشارەزایی وسەرچاوەگەلی پێویست بۆ پەرەپێدانی ئەم پیشەسازییانە، هێشتا قورسە لەسەر هەرێمی کوردستانی عێراق ببێتە کێبڕکێکار لەودیو سنورەکانی عێراقەوە. لە مەودای دووردا، هەرێمی کوردستانی عێراق دەبێت وەبەرهێنان بکات لەبواری پەروەردەدا بۆ تەییارکردنی بازاڕ بەو کارامەییانەی ئەم پیشەسازییانە پێویستیانە.

هاوکات لەگەڵ ئەوە، هەرێمی کوردستانی عێراق، پێویستە وەبەرهێنان بکات لە بەسەردەمیی کردنی کەرتەکانی دارایی وبانککاریی هەرێمەکەدا بۆ ئەوەی خەسڵەتێکی پیشەسازیی کێبڕکێکارانە بنیات بنێت. نوێکردنەوەی سیستەمە داراییەکەی کە لەسەر پارەی مفت (کاش) دەڕوات ئاسانکاریی دەکات بۆ چالاکیی گەورەتری ئابووریی لە سەرئاستی ناوخۆ، لەبەر ئەوەی بانککاریی ئەلیکترۆنیی بەشداریی دەکات لە بەدواداچون وڕوونکاریی وچاودێرییەکی باشتر لە هەمان کاتیشدا مامەڵەگەڵی خێراتر. هەروەها هاندەرێکیش دابین دەکات بۆ کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکان بۆ ئەوەی وەبەرهێنان بکەن لە پیشەسازییەکانی هەرێمی کوردستانی عێراقدا. وەبەرهێنەران بڕوایان وایە کۆمپانیا فرەنەتەوەکان پەرۆشن بۆ ئەوەی کارسازیی بکەن لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا، بەڵام بێ متمانەیی بەسیستمی بانکیی هەرێمەکە ئاستەنگێك دروست دەکات لە بەدیهێنانی ئەو خواست و ئارەزووانەدا [38].

## 3. گەشتوگوزار: ڕاکێشانی بایەخدانی عێراق و ناوچەکە

بەهۆی ئەوەوە کە هەرێمی کوردستانی عێراق ڕووبەرێك لە ناوچەی مێژوویی وگەشتیاریی لە ئامێزدایە [39]، گەشتوگوزار توانایەکی حەشاردراوی بەرچاوی لەخۆگرتووە بۆ فرەچەشنکردنی داهات لە هەرێمەکەدا. دوو فڕۆکەخانە نێودەوڵەتییەکە وچوار دەروازە سنوورییە زەمینییەکەی هەرێمی کوردستانی عێراق، هەروەها سەقامگیرییەکەی بەبەراورد بە باقیی عێراق، ئەوەدەگەنێت کە هاتنەناوەوە وئاسایش ئاڵنگارییگەلی بەرچاو بۆ گەشتیاران دروست ناکەن. لەگەڵ ئەوەدا، نەبوونی کەرتێکی باش پەرەپێدراوی گەشتیاریی، کە هەریەك لە ژێرخان ( بۆ نموونە، سیستمگەلی گواستنەوە کە بە ئاسانیی هاتوچۆیان تێدا بکرێت، فەراهەم بوونی شوێنەکانی مانەوە وگەیشتن پێیان) وسەرمایەی مرۆیی (بۆ نموونە، کارمەندانی ڕاهێنراو لە میوانداریی هۆتێلەکاندا) [40] لە خۆبگرێت، ئەوە دەگەیەنێت کە کەرتی گەشتوگوزار گەشە ناکات لە مەودای کورتدا.

لەبەر ئەوەی گەشتیارانی بیانیی لە ئەوروپا و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاوە بەگومانەوە لە عێراق دەڕوانن بەشێوەیەکی گشتیی و بەهۆی دڵەڕاوکێ لەمەڕ سەلامەتیی وئاساییشەکەی کە زۆر باش جاری لە بارەوە دەدرێت، هەرێمی کوردستانی عێراق بەردەوام توشی ئاستەنگ دەبێت بەهۆی وابەستەییەوە. لەمەودای نزیکدا، هەرێمی کوردستانی عێراق دەبێت سەرمایەگوزاریی بکات لە بونیادنانی کەرتە گەشتیارییەکەیدا بەدەوری گەشتیارانەوە لە بەشەکانی تری عێراق و وڵاتانی ناوچەکە.

حکومەتی هەرێمی کوردستان پێویستی بەوەیە پلانێکی ستراتیژیی گەشتیاریی گەلاڵە بکات کە بە پلەی یەکەم سەرنج ڕبکاتەوە لەسەر ڕاکێشانی بازاڕی ناوخۆ بەڵام هاوکات لەگەڵ ئەوەشدا ژێرخانی گەشتوگوزاریی خۆی بنیات بنێت وەك پێشبینییەك بۆ ژمارەی ڕوو لە زیادبووی گەشتیارانی بیانیی لە مەودای دووردا.

---

36 نموونەکان بریتین لە، کۆنکرێتی نەجمەدین ( http://www.najmadin-concrete.com/ )، کۆمپانیای پۆڵای هەولێر ( http://www.erbilsteel.com/ )، کارگەی چیمەنتۆی تاسڵوجە - لافارج ( https://www.lafarge-iraq.com/en/tasluja ) ، کۆمپانیای پەیوەندییکردنی ئاسیاسێڵ ( https://www.asiacell.com ) .

37 چاوپێکەوتنی نووسەر لەگەڵ توێژەرێکی کەرتی تایبەت کە لە کۆمپانیایەکی ناوخۆیی هەرێمی کوردستانی عێراق کار دەکات 6 ی ئادار/ مارسی 2021.

38 چاوپێکەوتنی نووسەر لەگەڵ خاوەن کارێکی کورد کە لە لەندەن جێگیرە 7 ی ئادار/ مارسی 2021.

39 بۆ زانینی زیاتر لە سەر شوێنە گەشتیارییەکانی هەرێمی کوردستان، بڕوانە ماڵپەڕی فەرمی گەشتیاریی حکومەتی هەرێمی کوردستان.http://bot.gov.krd

40 چاوپێکەوتنی نووسەر لەگەڵ شیکەرەوەیەکی ئابووریی لە هەرێمی کوردستانی عێراق. 5 ی ئادار/مارسی 2021.

## 4. ڕوانین بەرەو پێشەوە

هێشتا دیدگای هەرێمی کوردستانی عێراق دەربارەی هەمەچەشنکردنی ئابورییانە لە ماوەی چەند ساڵی کەمی داهاتوودا ڕوون نییە. ڕایەڵە پتەوەکانی نێوان بوارەکانی ئابوریی و سیاسەت لە هەرێمی کوردستانی عێراق مانای وایە هەمەچەشنکردنی ئابورییانە بەندە بە ویستێکی سیاسیی بەهێزەوە[41]. لەگەڵ ئەوەشدا هەمەچەشنکردنی ئابورییانە دوور لە نەوت ئەو توانایەی تێدا هەیە کە هەزاران دەرفەتی کار بڕەخسێنێت، هەروەها ئەوەی کە ئاڕاستەکردنەوەی هەوڵەکان دەکرێت دەست پێڕاگەیشتنی پارتە سیاسییە باڵادەستەکان بە موڵکانەکان کەم بکاتەوە و، لە ئەنجامی ئەوەشدا، سیستمە کۆنە دەیان ساڵییەکانی دەستەگەریی لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا بخەنە بەر هەڕەشە [42]. ئەوجا هەماهەنگکردنی ئەم ستراتیژە ناتەبایانە لە ئاستێکی حکومییدا، دەبێتە پێشمەرجێك بۆ بەگەڕخستنی دەستپێشخەرییگەلی ڕاستەقینەی چاکسازیی ئابوریی. لەکاتێکدا کەرتە باشتر پشتیوانیی لێکراوەکانی پیشەسازیی وگەشتوگوزار دەتوانن وەڵامی داواکارییە کورت مەوداکانی داهاتی کەم لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا بدەنەوە، ئەو کەرتانە بە وەبەرهێنان وپلانی گەشەپێدانی بەرچاو و ئاست بەرز ودرێژخایەن لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە دەتوانن کێبڕکێ بکەن لە دەرەوەی سنورەکانی وڵات. کەرتی کشتوکاڵ لەهەرێمی کوردستانی عێراقدا توانستێکی حەشاردراوی گەورەی هەیە بەهۆی فەراهەم بوونی سەرچاوەی مرۆیی و سروشتیی پێویستەوە. وەلێ بۆ ئەوەی ئەم دیدگایە بەرجەستە ببێت، کەرتەکە پێویستیی بە پشتگیریی وپاراستنی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەیە لە سەر شێوەی پابەندکردنی ویستە سیاسییەکە بۆ بە هاوچەرخ کردنی کشتوکاڵ و سپەرکێشکردن (پاراستن) ی بەرامبەر کێبڕکێکارە هەرزان فرۆشەکان.

41 چاوپێکەوتنی نووسەر لەگەڵ لێپرسراوێکی پێشوو لە حکومەتی هەرێمی کوردستاندا. چاوپێکەوتن لەگەڵ کراوەکە ئێستا کەسێکی کارساز و خاوەنداری کۆمپانیایەکی تایبەتە. 6 ی ئادار/مارسی 2021.

42 کەسێکی چاوپێکەوتن لەگەڵ کراو وتی و لە لایەن لێپرسراوێکی باڵای پێشووەوە پشتڕاستکراوەتەوە.

IRIS

American University of Iraq, Sulaimani

Institute of Regional & International Studies

www.auis.edu.krd/iris